کاوڕ

لەکەسوکارەکانت دوورمەکەوەرەوە، باری دارایت جێگیرەو دەستکەوتی زیاتر بەڕێوەیە، ئەو ئامانجانەی پلانت بۆ داناون سەرکەوتنیان نزیکە، هەواڵی خۆش دەبیستیت.

گا

پەیوەندییەکانی بواری کارەکەت لاواز دەبن، گوێ بەقسەی خەڵکی مەدەو لەسەر پرۆژەکانی خۆت بەردەوام بە، لەڕووی سۆزدارییەوە ئاسوودە دەبیتو هاوڕێکانت متمانەت پێدەکەن.

دوانە

گرنگە هەوڵ بدەیت لەکاتی گونجاودا بڕیاری گونجاو بدەیت، گرنگی بەهاوڕێکانی بواری کارەکەت بدە، پێویستت بەهاوکاری کەسانی تر هەیە، لەڕووی سۆزدارییەوە نائارام دەبیت.

قرژاڵ

فشار مەخەرە سەر هاوڕێو ئەندامانی خێزانەکەت بۆ ئەوەی بەپێی خواستەکانی تۆ بجوڵێنەوە، لەڕووی سۆزدارییەوە تاڕادەیەک خۆشەویستەکەت لێت بێزار بووە.

شێر

کەسێکی خۆشەویستیتو لەبواری کارەکەتدا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنیت، توانای بەڕێوەبردنی کەسانی ترت هەیە، ئارام بگرەو بڕیاری بەپەلە مەدە.

فەرێک

خۆشەویستەکەت زیاتر لەجاران پێویستی پێتە، فەرامۆشی مەکە، لەبواری کارەکەتدا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنیت، ئەوەندەی دەتوانیت دوور بکەوەرەوە لەناکۆکی.

تەرازوو

هەوڵبدە بەشێوەیەکی عاقڵانە بڕیار بدەیتو پەلە مەکە لەکارەکانتدا، ئەگەر دەرگایەکت بەڕوودا دابخرێت چەند دەرگایەکی تر دەکرێنەوە، بەڵێنێک مەدە کە پێت جێبەجێ نەکرێت.

دوپشک

گرنگە ئازایەتیت هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەوروبەرەکەت، بەڵام نەیگەیەنیتە حاڵەتی ناکۆکی، ئەزموونێکی نوێ دێتە پێشت، بەوریاییەوە مامەڵە بکە، ئاگاداری تەندروستیت بە.

کەوان

بۆچوونەکانت روون نییە، هیچ بڕیارێکی گرنگ مەدەو هەوڵبدە پرۆژە گرنگەکانت بۆ ماوەیەک دوابخە، ئارام بگرەو کارێک مەکە هاوڕێو دۆستە نزیکەکانت لێت زوێر ببن.

گیسک

هەست بەنائارامیو دڵتەنگی دەکەیت، پەیوەندیت لەگەڵ کەسانی تردا ناجێگیر دەبێت، لەڕووی دارایییەوە سودمەند دەبیت، گرنگی زیاتر بەئەندامانی خێزانەکەت بدە.

سەتڵ

متمانە بەهەموو کەسێک مەکە، تاڕادەیەک هەست بەدوودڵی دەکەیت، چەند پرۆژەیەکی گرنگ لەژیانتدا بەڕێوەیە، دەستکەوتی دارایت دەبێت، ئاگاداری تەندروستیت بە.

نەهەنگ

خۆت دەرباز بکە لەو دوودڵییەی تێی کەوتوویت، زیادەڕەوی مەکە لەهەڵسەنگاندنی کارەکانی خۆت، کارەکانت بەباشی ڕابپەڕێنەو ئەرکەکانی سەرشانت کەڵەکە مەکە.

کەسوکاری مایکل تووڕەن

کەسوکاری گۆرانیبێژی بەناوبانگی پۆپی ئەمەریکی مایکل جاکسۆن کە هەفتەی رابردوو گیانی لەدەستدا، تووڕەن لەلێکۆڵەرەوانی پۆلیسو پێیان وایە هۆکاری راستەقینەی مردنی مایکڵ ئاشکرا ناکەن.
مایکڵ جاکسۆن کە هۆکاری مردنەکەی بەوە ڕاگەیەندرا دڵی لەلێدان کەوتبێت، کەسوکارەکەی گومانیان لەو حاڵەتە هەیەو داوایان کردووە لێکۆڵینەوە لەگەڵ پزیشکە تایبەتەکەی مایکڵ بکرێت.

وشەی یەکتربڕ



ئاسۆیی

١. مۆزیککارێکی کورد.
٢. لەجێی سەنگینە، گیاندارێکە.
٣. شاخ، بیر(پ)، ژێر، خواردنی ئاژەڵە.
٤. زیندەوەرێکە، بنی پێ، گەل(پ).
٥. شاعیرێکی کۆچکردووە (پ)، سیس و لاواز.
٦. ئەنگوستیلە (پ)، سافی (ت).
٧. خواردنەوەیەکە (پ)، تین، ڕاو.
٨. مانگێکە، چەوری (پ)، دوای نۆ.
٩. جۆرێکی سابونە (پ)، خواردنێکە (پ).
١٠. بەرامبەر، پێکان (ت).
١١. کۆتایی، شیرینییەکە (پ)، تازە.
١٢. بێبەر(پ)، شاخێکە لە کوردستان، نەخۆشییەکە، بەشتی پیس دەوترێت.
١٣. لۆری (ت)، ناوێکی کچانەیە (پ).
١٤. گۆرانیبێژێکی کوردە (پ).

ستوونی

١. شاعیرێکی کۆچکردووی کوردە.
٢. کورتکراوەی ناوێکە (پ)، کۆن ئەبێو نافەوتێ.
٣. بەرهەمێکی ماستە، کورتکراوەی مەریوان، ژمارەیەکە (پ).
٤. وەرە (پ)، گلاراو (ت)، سەوزایی.
٥. پێشگرێکی نەفییە، میوەیەکە، کار(پ).
٦. بێکەڵک، بیم، بەچکەی ورچ.
٧. ئەمانەت (پ)، میوەی بەهێ (پ).
٨. کاتی خواردن، جۆرێکی دەرمانی ئازارشکێنە.
٩. برای ژن (پ)، شارێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، ناوێکی کچانەیە.
١٠. ناوێکی کۆنی ژنانەیە (پ)، منداڵ (پ)، تۆ بە ئینگلیزی.
١١. ئامڕازی پرسە (پ)، ئێسکێکی لەشە (پ)، تەرەشوع.
١٢. نیوەی یاری (پ)، ناوێکی کوڕانەیە، پێداویستی ماڵە (پ).
١٣. کولەکە، چۆنە.
١٤. گۆرانیبێژێکی ناوداری ئێرانییە.

وەڵامی ژمارەی پێشوو

	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠	١١	١٢	١٣	١٤
١	ب	ا	و	ه	ژ	ن	خ	و	ا	ب	ن	ا	س	ه
٢	ه	■	س	ه	ق	ا	■	■	ل	ه	و	چ	■	■
٣	هـ	ۆ	■	■	■	ر	ا	ک	ی	ر	ک	■	ک	ی
٤	م	ه	■	ل	ا	و	ک	■	ه	هـ	■	ک	ه	و
٥	ه	ش	ی	ئ	ک	س	■	■	ل	ه	■	چ	ر	ا
٦	د	■	و	ا	ر	■	ی	■	م	■	ی	و	■	د
٧	ی	ا	ن	■	و	ر	ب	■	و	ح	■	چ	ا	ع
٨	ق	ر	■	و	ر	ب	■	ه	م	ه	چ	■	ت	ه
٩	و	■	ی	و	ا	■	■	ت	■	س	ی	و	■	س
١٠	ب	ی	چ	ا	م	ه	■	■	ر	ه	گ	ن	ه	ل
١١	ا	ر	ه	■	ل	پ	■	ب	و	ن	ه	■	ی	ا
١٢	د	ا	خ	■	ا	و	ر	ه	س	■	■	■	د	و
١٣	ی	ی	■	چ	ی	ل	■	■	ی	ز	ه	و	■	ه
١٤	■	■	ب	ه	ر	د	ه	ق	ا	ر	ه	م	ا	ن

ئامادەکردنی: کورده قادر

پیاوی بچووک

دوای چوار مانگی تر کاتێک تەمەنی دەگاتە هەژدە ساڵ کورێکی نیپاڵی دەبێتە خاوەنی ژمارەی پێوانەیی وەک بچووکترین پیاوی سەر ڕووی زەوی.
ئەم کورە کە ناوی «خاجندرا تابا ماجار»ەو بەرزی باڵای دوو پێ تێپەڕ ناکات، پاش چوار مانگی تر شوێنی ئەو پیاوە چینییە دەگرێتەوە کە ناوی «بینگ بینگە»و بەرزی باڵای دوو پێو نیوە.
خاجندار کە ئێستا بچووکترین مێرد منداڵە کە تەمەنی دەبێت بەهەژدە ساڵ وەک بچووکترین پیاوی دنیا دەناسێندرێت.

منداڵەو تەمەنی شانزە ساڵە

تائێستا ئەو کچە ئەمەریکییە تەمەن شانزە ساڵەی سەری دنیای سوڕماندووە مایەی تۆژینەوەی پزیشکەکانەو نهێنییەکانیان بۆ ئاشکرا ناکرێ.
ئەو کچە لەشو لارو شێوەی وەک منداڵێکی تەمەن سێ ساڵەو بەرزی باڵای تەنها دوو پێیە، بەڵام ئێسکو ددانەکانی وەک منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵە.
ئەم کچە ناتوانێت قسە بکات، بەڵام بەهۆی ئاماژەکانی دەموچاویەوە دەتوانێت حاڵەتەکان خۆشیو ناخۆشی دەربڕێت، تائێستاش پزیشکەکان هۆکاری ئەو حاڵەتەیان نەزانیوە.

ئۆپرا هەرای کرد

پێشکەشکاری بەناوبانگی جیهانی ئۆپرا وینفری هەفتەی ڕابردوو لەشاری بەرشەلۆنەی ئیسپانی یادی لەدایکبوونی پەنجاو پێنج ساڵەی گێڕا.
ڕۆژنامەی «لا بنگواردیا»ی ئیسپانی بڵاویکردووە کە ئەو ئاهەنگە (١٧٠٠) کەس تیایدا بەشداربوون کە بریتی بوون لەفەرمانبەرانو کەسوکاری ئەو فەرمانبەرانەی لەگەڵ ئۆپرا کاردەکەنو کۆی تێچوونی ئاهەنگەکە گەیشتووەتە (٨٢٠) هەزار دۆلار.
ئێستا سامانەکەی ئۆپرا بەبڕی ملیارو نیوێک دۆلار مەزەندە دەکرێت خاوەنی چەندین گۆڤارو دامەزراوەی ڕاگەیاندنە لەئەمەریکادا.

کیسەڵێک ئاوهای کرد

لەسەر شارێی یەکێک لەفڕۆکەخانە گەورەکانی وڵاتی ئوستورالیا کیسەڵێک خەریکبوو ڕووداوێکی گەورە بخوڵقێنێتو سەرنشینانی فڕۆکەیەک بخاتە مەترسییەوە.
لەکاتی نیشتنەوەی فڕۆکەیەکدا ئەو کیسەڵە لەسەر شارێی نیشتنەوەی فڕۆکەکە بووەو فڕۆکەوانەکە بەئاستەم توانیویەتی خۆی لێ دەرباز بکاتو بەری نەکەوێت.
بەڕێرسانی فڕۆکەخانەکە ڕایانگەیاندووە کە ئەگەر فڕۆکەکە بەر کیسەڵەکە بکەوتایە ڕەنگە ڕووداوی کارەساتباری لێبکەوتایەوەو ئەوەشیان ڕوون کردووەتەوە کە لەڕێی ئاوەڕۆوە ئەو کیسەڵە گەیشتووەتە فڕۆکەخانەکە.

ژنهێنان بەبێ هەوا

ژنو پیاوێکی ئەمەریکی بڕیاریاندا لەبۆشایی ئاسماندا لەو شوێنەی هێزی ڕاکێشانی زەوی نامێنێت ئاهەنگی بەهاوسەربوون سازبکەن.
ڕۆژنامەی «نیویۆرک دەیلی» بڵاوی کردەوە کە ئەو ژنو پیاوە بەفڕۆکەیەکی تایبەت بەرەو بۆشایی ئاسمان بەڕێکەوتوونو لەو شوێنەی هێزی ڕاکێشانی زەوی نەماوە لەیەکتر ماڕەکراونو ئاهەنگیان گێڕاوە.
ژنو پیاوەکە ڕایانگەیاندووە کە ویستویانە بەم شێوەیە جیابن لەهەموو هاوسەرەکانی تر.